الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فيدراسيۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR**

# 8 مارس رۆژی دەربرینی نارەزایەتی بزووتنەوەی یەكسانی خوازی ژنانە

**نایەكسانی و هەڵاواردنی جنسی لەدژی ژنان یەكێكە لە هەرە دیارەدە دزیوەیەكانی كۆمەڵگای ئەمرۆی بەشەریت ، خەبات بۆ جیهانی بوونی مافەكانی ژنان لەسەرتاسەری دنیا و بەرگری لەمافەكانی ژنان و پشتیوانی لە بزووتنەوەی رادیكال و پێشكەوتونخوازی ژنان لەعیراق و كوردستاندا یەكیكە لە ئەركە گرنگەكانی هەر ئینسانێك كە دڵی بۆ ئازادی و یەكسانی و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا لیٚ ئەدا.**

**ئەمرۆ جیگاو ریگای ژنان لەعیراق دا لەسایەی میلیتاریزمی ئەمریكاو داگیركاری وتیرۆریزمی ئیسلامی و پەلاماری ئیسلامی سیاسی بۆ سەرمافەكانی ژنان لە( اغتساب ،رفاندن ، كوشتن ، ئەتككردنی ژنان ) تا داسەپاندنی دەستوری رەشی كۆنەپەرستی سەدە كۆنەكانی نامۆ بە بەشەریت، بەشێكن لەسیناریوویەك كە رۆژانە بەرۆك بەژنانی عیراق دەگرێت .**

**لەكوردستاندا بیٚ مافی ژنان و كوشتن وخۆسوتاندن ، بەندەكانی قانوونی دواكەوتوی ئەحوالی شەخسی عیراقی ، تا ئیستا لەلایەن دەسەتدارانەوە بەرێوەدەچیٚ بەشێوەیەك كە تاوان بارانی ژنان لە نیو قانوون و دەسەلاتی میلیشیای وعەشیرەتی دا ئازادانە دێن و دەچن ، بەپیٚ ئامارێكی راگەیەنراوی ئاوینە تەنها <u>لەسالی 2006 دا 41 ژن بە فیشە دەكوژرێت لەسنوری پاریزگای سلیمانی</u>** ،ئەمە جگە لەدیارەدەی خۆسوتاندن ، بیٚ مافیان لەمەیدانی سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگی دا نایەكسان مامەلەیان پیٚ دەكرێت.

**ژنانو كچانی پەنابەریش لەژیانی پەنابەریتی دا لەدەرەوە بەهۆی سیاسەتی( نسبیتی فەرهەنگی)(میلتیكالچرالیزم) ەوە لە وولاتە ئەوروپی یەكان، لەپەراوێزی كۆمەڵگا راگیراون و ئەوانیان بە فەرهەنگی داب و نەریتی مەزهەبی و نەتەوەی دەستەمۆكردوە بەشێوەیەك كە ماف و ئازادی كانی ژنان و مندالانی پەنابەر كراوەتە قوربانی فەرهەنگی دواكەتووی ودەیان رێكخراو و موئەسەساتی جۆراجۆری خراوەتە خزمەتەوە، لەكردنەوەی مزگەوت و قووتابخانەی ئاینی و رێگە دان بەحیجابی مندالان تا دەیان موسیبەتی تر.. كە ژیانی ژنانی پەنابەری لە گەلٚ كوشتن و هەرەشەی راسیزم رووبەرووكردۆتەوە تەنانەت ئەم سیاسەتە نسبیەی فەرهەنگی یە دەستی كەس وكارو میرد ی ئاوەلا راگرتووە كە سالٚ نییە كارەساتی كوشتنی ژنێك لە ناوجەرگەی ئەوروپا وە یان لەریگای بردنەوەیان بۆ كوردستان دڵمان دانەخورپینیٚ لەوانەش زیاتر لەلایەن كەسوكارەكانیان نەیان بەنەوە كوردستان دەست بەسەر پاسپۆرتەكانیان نەگیریٚ.**

**ئەمە چ بەلایەكە رووبەرووی ماف و ئازادی ئینسانی یەكانی ژنان دەبێتەوە ،ئەم پەلەیە پێویستە لەناوچەوانی بەشەریت بیتەوە ، 8مارس ئەو رۆژەیە كە بزووتنەوەی یەكسانی خوازی وئینسانی بۆ داسەپاندنی سەرجەم مافەكانی ژنان تێدەكۆشن.**

**بەدیهێنانی مافەكانی ژنان لەعیراقدا لەگرەوی كۆتای هینان بەداگیركاری و دامەزراندی دەولەتێكی سكولار غەیرەقەومی غەیرە دینی یەدایە كە رێكخراوی (ئازادی ژن و كۆنگرەی ئازادی عیراق) پەرچەمداریتی ،لەكوردستان لەگرەوی كۆتای هینان بەسەرگەردانی كوردستان وەستان لەپال خەباتی بزووتنەوەیەكی سەرتاسەری و جەماوەری لەپێناو سەربەخۆی كوردستاندایە.**

**ژنانی پەنابەر لە وولاتانی ئەوروپا پێویستە لەتەواوی مافو دەستكەوتە كانی بزووتنەوەی یەكسانی خوازی ژنان بەهرمەند بن ، مافی ژنان مافێكی جیهانی یە، هەر چەشنە هەلاواردنو جیاكاریەك و ریز گرتنێك بۆ فەرهەنگو نەریتی دواكەوتوانە و جیاكاری فەرهەنگی ئیدانە وبەو پەری تواناوە لەدژی رادەوستین، فیدراسیۆن لەگەل جوڵانەوەی ژنانی ئازادی خواز دنیادا بۆ جێگیركردنی تەواوی ئەو دەستكەوتانەی كە بۆ ژنان لەوولاتانی ئەوروپا بەدی هاتوون وبەهرمەند بوونی ژنانی پەنابەری كوردو عیراقی لیٚ تێدەكۆشیٚ.**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەدەرەوە سەنگەری بەگری لەمافەكانی ژنان و كچانی پەنابەرە و ریزگرتنە لەتەواوی مافەكانیان، پشت و پەنا و پاراستنی ریزو حورمەتی ئینسانی مافەكانی ژنانە ، لەوپێناوەدا بۆ راكیشانی پشتیوانی و بەرگری لە بزووتنەوەی یەكسانی خوازی ژنان لەعیراق و كوردستاندا هەنگاو دەنیٚ.**

**بەرزو بەریز بێت 8مارس رۆژی جیهانی ژنان**

**دەشتی جەمال**

**لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-3-7